


**غادە ئەلسەمان:**

## من نووسەرێکم هەوڵدەدەم هەموو رۆژێك خۆم دابهێنمەوە...ئافرەتێکم ئابڵۆقە نادرێم

**و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**غادە ئەلسەمان ئافرەتێکە ئامادەیی و ونبوونی زۆری هەیە، لە نووسینو کتێبو دانراوەکان ئامادەیەو وێنەیەکی کراوەی بە شێوە جۆراو جۆرەکانو رەنگەکانو ترسەکانەوە پەسەندە کردووە، هەروەها لە خەیاڵو قولایی ئەوەی کە بە خوێندنەوە هاوەڵی دەکات ئامادە نییە، بەلام بە وشەکانی بەنێو چرکەساتەکاندا شۆڕ دەبێتەوە، بۆنێك پەخشدەکاتو دەچێتە نێوییەوە، جێگیریش دەبێت بێ ئەوەی ببینرێت.**

**غادە بە هەموو ئەوەی کە هەیبوو لە خۆشەویستی، بەیروتی خۆشدەویست، غادە ئەو کەسە بوو کە لە بارەی خۆشەویستیو مۆتەکەکانو یاخیبوونو سەفەرو هۆزو دەریاو خۆشگوزەرانیو شوێنو زەمان نووسی، غادە ئەوەی کە "لە خوێندنەوە ئالاوە" دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی (15) ساڵ ونبوو، لە ئەمریکاو ئەوروپا بۆ بەیروت گەڕایەوە، وەك ئەوەی هەتا ئێستا ئەو شارە پڕ لە دڵەڕاوکەو جوانەی جێنەهێشتبێت بە چەپکێك پەرۆشیو بەڵێنو شەیداییەوە بۆی گەڕایەوە.**

**غادە بڕیاری دا واز لەئاوارەیی بێنێو لە بەیروت جێگیر بێت، بۆیە ئەو ئەمڕۆ لە بەیروتە.. بەر لەوەی کاروباری جێگیربوونی جێبەجێ بکات، لە دەرگامان داو ئەویش دەرگای لێکردینەوەو ئەو گفتوگۆیە پڕ لە تامەزرۆیەی لێکەوتەوە:**

***غادە ئەلسەمان تۆ کێی، لە کوێ هاتوویت، لە کوێ نیشتەجێ دەبیت بۆ کوێ دەچیت، ناوی ژیانو رۆژەکانت چییە، لە کام ئیقاع لە ئیقاعەکان شارەزایو لە کام دۆزەخ راکشاویتو لە کام خۆشەویستی شین بوویت.... ئایا تۆ ئافرەتێکی لە مەرەکبو کاغەز؟.**

**-من نووسەرێکم هەوڵدەدەم هەموو رۆژێك خۆم دابهێنمەوە، کەواتە من ئافرەتێکم ئابڵۆقە نادرێم! لە بومەلەرزەدا نیشتەجێم... پەی بە ریتمەکانی گەردەلوول دەبەم، چاودێری دۆزەخی عەرەبی دەکەم وەك ئەوەی کە لە نێو ئاوێنەدا چاو لە روخساری خۆی ببڕێت، من لە هەندێ داوی فەڕشی عەرەبی گەورە کە لە دەریاوە بۆ کەنداو درێژکراوەتەوە چنراوم.**

ڕەنگە نووسەرێك بم كە سوری خوێنی لە مەرەكەبەو كۆمەڵێك ماسی بریسكەدار تیایدا مەلە دەكەن، ئەوانیش تیپی ئەلف وبای عەرەبین.

## ئارەزووم بۆ بەیروت پێگەیی

*غادە دوای غەریبیو ونبوون بۆ بەیروت گەڕایەوە، بۆ گەڕایەوە، ئایا ئەمڕۆ زیاد لە پێشان بارودۆخی گەڕانەوە لەبارە؟.

-نەخێر... بارودۆخی گەڕانەوە هەڵنەهاتووە، بەڵكو ئەوە ئارەزووە گەیبووە، بەیروت ئەمڕۆ لە هەموو كاتێك زێتر وەك شارێكی پڕ نیگەرانیو دڵەڕاوكێئامێز دەبینم، بەڵام من زیاد لە هەموو كاتێك ئارەزووی دنیای عەرەبی دەكەم!.

*ونبوونت لە بەیروت چی پێبەخشیو چی لێسەندیت؟.

-خۆشەویستەكانی لێسەندم ئەوانەی كە دەمناسینو هاورێم بوون، ئەو ونبوونە دەرفەتی ژیانی پێبەخشیم، قۆناغی خوێندنم لە پاریس خۆی لە دە ساڵاں دا، دە ساڵاں لە نێو تەوژمی فیكریو رۆشنبیرییو رۆشنگەریو فرەرەنگیو ئیبداعیدا ژیام، لە شارێك ژیام كە بە راستی پایتەختێك بوو لە پایتەختەكانی رۆشنبیریی جیهانی. لە شاری (جنێف)و (لەندەن)و (نیویۆرك) ژیام، بەڵام ئەزموونم لەگەڵ (پاریس) لە رووی فیكریو رۆشنبیریی درێژترو دەوڵەمەنتر بوو.

*هەندێك دەڵێن دۆزینەوەی بەیروت لە دەرەوە باشتر دەبینرێت، وەك ئەوەی لە سەر بانێكی بڵند بوەستیو بە جوانی چاوەدێری بكەیت، ئایا غادە لەو هەستەدا ژیاوە، یان ئەو شتەكان بە مانایەكی دیكە دەبینێت؟.

-دۆزینەوەی بەیروت لە یەك كاتدا لە دەرەوەو ناوەوە دەبێت، جوانە لە سەر بانێك بوەستیو لە دوورەوە چاودێری شتەكان بكەیت، بەڵام مەرجە پێشتر لە ناخی ئەو شارە ژیابیت لە مردنو ژیانیدا لە ترسو خۆشییەكانیدا، ئەوە حاڵی منە لەگەڵ مۆتەكەكانم كە بەیروتە!.

*تۆ ئێستا لە بەیروتدایت، بەیروت ئەوە نییە كە تۆ بەر لە چەند ساڵێك جێتهێشت، چ گۆڕانێكی بەسەرداهاتووە، ئەمڕۆ بەیروت بۆ تۆ چ دەگەیەنێت، بەیروت كۆمەڵێك گۆڕانكاری بەدوایەكی بەسەر داهاتووە، بەسەر دادێت؟.

-لە دیدی من هەتا ئێستا بەیروت گۆڕەپانی ململانێیە لە پێناو ئازادی بیری عەرەبی، هەتا ئێستاش وەك پێوانە بەشێوەیەكی نیسبی پایتەختی ئازادی عەرەبییە، هەتا ئێستاش شەڕی نێوان پارێزەرانی رۆشنگەریو ئەوانەی دەكەونە بەرەی تاریكی نەكوژاوەتەوە. بەجۆرە بەیروت وەك جەوهەر زۆر نەگۆڕاوە،

ئەگەرچی وەك پێویست دوژمنی ئازادی زێتر بوونەو دەمامکیان بەستاوەو زێتر شارەزان‌و بە داخەوە زێتر لێمان نزیك بوونەتەوە.

*دوورکەوتنەوە لە بەیروت‌و نووسین لە بارەیەوە وەك راکردن وایە تۆ چی دەڵێیت؟

-رەنگە وەك راکردن‌و گەڕانەوە بێت بۆی! بەیروت خۆشەویستێکی چارەڕەشە مرۆ حەز دەکات لێی رابکات، چونکە هەموو جار دڵت پێخۆش نابێت.

*جارێك نووسیبووت "بەیروت دەریای لێ نییە" ئەمڕۆ بۆچوونەکەت جێبەجێ بوو، دەریای بەیروت لەگەڵ بۆچوونی عاشقە دیاریکراوەکان تا دێت پڕ دەبێتەوە، ئایا (بەیروتی بێ عەشق)ت بۆ بخوێنینەوە؟

-بەیروت دەریای لێ نییە؟ مەعقولە! بەیروت خۆشەویستی لێ نییە؟ دەستەواژەیەکە لەگەڵ شێوازی گۆرانی گوتنی ئوم کلسوم وەرمگرتووە (اهو دا اللی مش ممکن ابدا...) چاوی عاشقان دەریایەکە داخستنی بە بەردی لەبیرچوونەوە یان بە کەمتەرخەمی گران دەکەوێتەوە.

## نەفیکراو بۆ ژیان

*لە کاتی ونیوونت لە بەیروت نەفیکراو بوویت، هەڵاتوو بوویت، نامۆ بوویت، دەربەدەر بوویت، دەرکراوبوویت....؟

-هەندێك چرکەسات هەیە وا هەستدەکەم کە نەفیکراوم بۆ ژیان، بۆ توێکڵی جەستە نەفیکراوم، بۆ ئەستێرەکەمان نەفیکراوم، ئاوارەیی من ئاوارەیی نییە لە نیشتیمان، بەڵکو ئاوارەییە لە مرۆڤ. هەندێك چرکەسات هەیە دەتوانم تەئکید لەجیاوازی نێوان ئاوارەیی لە نیشتیمان‌و نیشتیمان بکەم، چونکە هەرچەندە لە ناو پێستی خۆم- ئاوارە دەبم- نیشتیمان هەر شوێنی منە.

*ئایا تۆ لە کاتی ئاوارەییت بەدوای ئەو بەرهەمە ئەدەبی شیعریانەدا دەچووی کە لە لوبنا بڵاو دەکرانەوە؟

-بە پێی توانا بەدوایاندا دەڕۆیشتم، زۆر بە تامەزرۆییەوە، بەڵام لە پاریس ئەوانیدیکە ئەوها ئاسان نەبوو. چونکە بۆ هاوڕێکانم کە رامدەسپاردن هەندێك لەو کتێبانەم بۆ بکڕن کە دەمویست ئاگام لێیان بێت تا بزانم چی هەیە، گران دەکەوتەوە.

## نەتەوەکەمان وەك داهێنەر نەزۆك نییە

*نەوەیەك لە نووسەرو شاعیری نوێ هەن کە دەنووسن‌و بڵاو دەکەنەوەو زمانێکی نوێی شیعرییان دامەزراندووە، ئایا ئاگاداری ئەو ئەزموونانەی بیرورات بەرامبەریان چییە؟

-ئاگام له هەندێك لەو ئەزموونانە هەیەو سەرنجی منیان بۆخۆیان راکێشاوە، من تا رادەیەکی باش رام بەرامبەریان ئیجابییە، من لەگەڵ ئەوانەدا نیم کە (مردنی شیعری عەرەبی ئەسیل رادەگەیەنن) هەروەها وەك عەرەب بڕوام وایە کە نوێکردنەوە بەشێکە لە ئەسڵی ئێمە، نەتەوەکەی ئێمە وەك ئیبداع نەزۆك نییە، هەموو داهێنەرێکیش کە دەڕوا هەر دەبێت لە شوێنی ئەو داهێنەرێکی لاو پەیدا بێتو بەخششەکانی عەرەبی بگرێتە ئەستۆ، من هەستم بەرامبەریان هەیەو تا رادەیەکیش بە لای داهێنەرە لاوەکاندا دەچم.

*نووسینی دوای جەنگ، ئایا پێتوایە نەوە نوێیەکان لە ئاستی ئەوەدان کە روویداوە، یان ئەوە رەنگدانەوەیەکی ئاسایی رابردووی پارچە پارچە کراو بوو؟

-تا رادەیەك رەنگدانەوەی ئیبداعیانەی رابردوویەکی تێکئالاوو پارچە پارچەکراو بوو، بەڵام ئەوەی کە داواکراو بوو زۆر لەوە زیتر بوو، مەبەستم ئەوەیە هەندێك رەگەزی خەونبینینانەیان ناتەواو بوو نەیانتوانی لەوەی هەیە بگوزەرێن، ئەگەرچی تیشکیان خستە سەر هەندێ شت لەوەی کە هەبوو، نوێنەرایەتیان دەکرد... ئەوە رەگەزێکەو لە هەندێ داهێنەرە لاوەکان بە دەگمەن نەبێت نابینرێت، لەبۆچوونی من وەك شیعر دەرچوون لە رۆڵی (کار لەسەرکراو) بۆ رۆڵی شاعیری (کارا) لە هەموو داواکراوەکان گرنگترە.

## نووسین هاوشانی دەستکوژی مەرگە

*نووسین لە ژیانی (غادە) هێندە نەماوە وەك خۆراکی رۆژانەی لێبێت، ئایا نووسین لای تۆ هاوشانی ژیان دەکەوێتەوە؟

- هەندێجار لای من نووسین دەبێتە دەستکوژی مەرگی خۆم، ئەوە شێوازی منە لە کوشتنی مەرگ، کاتێك دەنووسم لە منداڵێك دەچم کە بەرد لە ئەژدیهایەکی ترسناك دەگرێت، ئەویش هێرش دەکاتە سەری‌و دەنەڕێنێتو کەف دەردەکات ئاگری لە زار دێتە دەرێو بریسکەش لە روخساری.

*ئایا پێتوایە ئاوارەیی شوێنێکی هاندەرو هێمنە بۆ نووسین؟

- لەو ئەستێرەیەی ئێمە کە لەسەری دەژین هیچ شوێنێکی ئارام نییە، چونکە لە ناوەوە بەردەوام نائارامیمان هەڵگرتووە، واتە شوێنێك کە بۆ نووسین هانماندەدات، وەك ئەوە وایە کە بۆ بەرگری جۆراو جۆر هانا بۆ کاغەزی سپی بەرین.

*هەندێك باسی چێژو خۆشی نووسین دەکەن، ئایا ئەو چێژو خۆشییە لای تۆ وەك چالاکیەکی پێویستی بەردەوامبوونی ژیان دەکەوێتەوە، لێرەدا دەمەوێت بڵێم لە نێوان خۆشی‌و چالاکیدا جیاوازی

هەیە، ئایا لای تۆ بە تەواوی ئەو جیاوازییە لە چییە دەردەکەوێت، ئایا لای (غادە) هەستکردنە بە نووسین؟

-ئایا لای من نووسین "چالاکییە" یان "دامرکاندنەوەیە"؟ بە تەواوی نازانم، خۆزگە مێش هەنگوین وەڵامی هەنگوین دروستکردنی پێدابایین، یان مێروولەیەکی بچووك کە لە کێڵگەیەکدا رادەکات، یان سمۆرەیەك کە بە سەر دارێك لە دارانەوە سەما دەکات؟

من تەنها دەنووسم ئەوەش هەموو شتێکە، لە دەرەوەی هەموو وشە گەورەکانەوە دەنووسم، بێ ئەوەی پێت بڵێم من دەنووسم کەواتە من هەم.

## هەتا ئێستاش گێرەشێوێنم

*ئەمڕۆ غادەی نووسەر لە غادەی نووسەری هەشتاکانو بەر لە هەشتاکان ناچێت، ئایا ئەمڕۆ لە دەریای بابەتدا دەکەوێتە کوێوە، گەیشتیتە کوێ، ئایا هەڵپەسێردراوی، یان هەتا ئێستا مەلە دەکەیتو وەك پیشەسازێك لە هاتوچۆدایت؟

-هەتا ئێستاش بە سەر تەپو تۆزو جاڵجاڵۆکەو کۆیلەبوونی فەردی لە ژیانی عەرەبیماندا گێرەشێوێنم، ئەوەش جەنگێکە نە دەگاتو نە کۆتایی هەیەو نە سەرەتا.

*کتێبە کۆنەکەت "جەستە جانتای سەفەرە" ئایا ئەو ناونیشانە بە سەر سەفەرەکانتدا جێبەجێ دەبێت، بە تایبەتی کە تۆ ئەمڕۆ هەمیشە لە سەفەردایت؟

-ئەو ناونیشانە بەسەر هەموو خەڵکیدا جێبەجێ دەبێت منیش یەکێکم لەوان، ئێمە هەموومان جانتای سەفەرین لە لەدایکبونەوە دێن بۆ مردن کۆچ دەکەین، ئەو کاتەی بانگ دەکرێن تا لە دوا فرۆکەدا سەربەخۆ بین، هیچما نییە. تاکە جێگیربوونی راستەقینە ئەوەیە کە لە گۆڕدا دەیناسین، ئەوە دوا ماڵمانە، بەڵام منداڵدان شوێنێکی کاتییە، هەر تەنها (9) مانگ بە کرێی دەگرینو تەجاوزی دەکەین.

* پەیوەندی نوسینەکانت بە شوێنەوە چییە، ئایا شوێن کاریگەری بەسەر رۆحییەتی نووسینی تۆدا هەیە بە تایبەتی کە تۆ لەشوێنی لێکنەچوو هەروەها هەندێجار دژبەیەك ژیاویت؟

-هەتا ئێستاش لە کۆچدا نیشتەجێم، هاولاتیەکم لە کۆماری دڵەڕاوکێدا، لە نێو جولەدا جێگیرم، هەندێکجار وا هەستدەکەم کە لەیەککاتدا لەنێو چەند فڕۆکەیەکدا سەفەر دەکەم، بۆیە واقیع کاریگەری بەسەر رۆحییەتی نووسینی مندا هەیە، زۆربەی جار لە شوێنی دژبەیەكو ناهارمۆنیدا ژیاوم، من هەر تەنها لەنێوان شوێنەکاندا هاتوچۆم نەکردووە، بەڵکو لەنێو کاتیشدا لە گەڕاندابوومە،

لەنێوان وڵاتانێك كە لە سەدەی نۆزدەو هەندێكی دیكە كە لە سەدەی بیستو یەدا بوونە، بە تەئكید هەموو ئەو شوێنانە پیتەكانی منیان چاپكردووە، كە هاوشانی سەردەمو زەمەنە جۆراوجۆرەكانن، رەنگە ئەوەش پەیوەندی بە هەڵەشەییو جرتوفرتی منداڵیێت.

*من ناڵێم تۆ لە بارەی زۆر شتە نووسیووتە، بەڵام نووسینەكانت دەستی لە وردەكاری ژیانی مرۆڤ و شوێنی مرۆڤ و ترادیسیۆنو تقوسەكانی داوە، وەك ئەوەی بتەوێت بە یەكجار هەموو دنیا بگریت؟

-دەمەوێ هەموو داوەكان بگرمو لە نێوان پەنجەكانم هەڵخلیسكێن، من لە"پیرەو دریا"ی هەمەنگوایی دەچم بەردەوام لە هەوڵدام، من لەو دەچم بەڵام خۆم ناكوژم، لەو رووبەرووبوونەیەدا سەركەوتنم دەبینمەوە.

## كچی ماڵە عەرەب

*هەندێك دابو نەریت هەن كە تۆ لێیان یاخی بوویت، ئەو یاخیبوونە وێنەیەكی جوانی بە (غادە) بەخشی، ئەمڕۆ لەسەیری ئەو یاخیبوونە هەست بە چی دەكەیت، ئایا پەشیمانی داتدەگرێت، یان هەستدەكەیت یاخیبوونەكەت وەك پێویست نەبووە... ئەو هەستە بەرەو كوێت دەبات؟

- ئەگەر دوای پرینسیپەكانی عەقڵانیەت كەوتبام دەبایە وەك پێویست زێتر لەوە یاخیبام، گرفتی سەرەكی من خۆی لەوەدا حەشار داوە كە هەمیشە لەوە یاخی دەبووم كە خۆشمەویست نەك لەوەی كە رقم لێیدەبۆوە، ئەوە بۆم گران دەكەوتەوە، من لە كۆمەڵگای عەرەبی یاخی بووم بەڵام لە خێزانە گەورەكەم یاخی نەبووم، چارشێوی هۆزەكەم جێنەهێشت، هەروەها ریشەی خۆم لە ماڵی باپیرەم كە دەكەوتە پشت مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق نەپچڕی. من لە دیكتاتۆرییەتی خۆشەویستی یاخیبووم كە داوای ئەوەی لێدەكردین رۆحمان ونبكەینو تەنها وەك دووبارەبوونەوەیەكی بێ رەنگی پێشوومان بمێنینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من بە هەموو بەرزیو كەوتنەكانەوە هەر وەك كچی ماڵە عەرەبێك مامەوە.

*وێرای یاخیبوونت لە نووسینەكانتدا جۆرێك لە جەربەزەیی دەبینرێت، ئایا ئەو جەربەزییە وەك تەواوكەری یاخیبوونەكەت دەكەوێتەوە، دواجار پەنجەرەیەكەو بەسەر تاریكیدا دەڕوانێت؟

-لە نووسینەكانمدا پێدەچێ لە دەرەوە جەربەزە بم، بەڵام لە ناوەوەدا هەموو ئەوانەی كە پێی هەڵدەسم بێ نەخشەن، وەك ئەوە وایە كە بڵێم هەرچی دەبێ با ببێ.

## من تووشی پیسبوونی تیۆریزەكردن نەبوومە

تۆ شیعرو رۆمانو وتارو هتد نووسیووە، ئەو رەنگاورەنگییە لە نووسیندا چییە؟

-کاتێك دەنووسم، حەز دەکەم بە هەموو ئاراستەکاندا بڕۆم‌و کۆمەڵێك دەرگای وەهمی لە نێوان جۆرەکانی هونەری نووسین بکەمەوە.

*تۆ خاوەن ئەزموونێکی شیعری، ئەو رەنگاورەنگییەی کە غادە هەڵیبژاردووە لە باری شێوەو ناوەڕۆك چ دەگەیەنێت؟

-من دووچاری پیسبوونی تیۆریزەکردن نەبوومە، واتە لە نووسین پرۆسیسەی سەربەستی خۆیی دەکەم، چۆن پێکەنینی منداڵ، نەك لە تیۆریزەکردنەوە بۆ پراکتیزەکردن.

نووسین تاکە سەربەستی رەهای من دەگەیەنێت، وەك ئەوەی دێت پرۆسیسەی دەکەم، وەك (هینری میشۆ) دەڵێ نە دەمەوێت رێکوپێك بێت، نە هەڵوێستێك بێت، نە ئامادەیی بێت لە لیستێك یان گەلاڵەنامەیەك، نە کێبڕکێ، یان پێسەرسامبوون، یان بۆ خەڵات، یان بۆ شکۆداری بێت.

*لە نووسینەکەتدا "خۆشەویستی" دەڵێیت:... "کارەساتی ئێمە خۆشەویستەکەم تەنها ئەوە بوو کە ئێمە لاساییکەرەوە نەبووین بەڵکو لە خۆشەویستی خۆماندا دەژیاین.

ماڵئاوا ئەی نامۆ... ماڵئاوا ئەی من... " ئایا هەتا ئێستا ئەو خۆشویستییە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی ژیانی غادە؟

-هەتا ئێستا لە نێو نووسیندا هەمان حاڵەتە، هەتا ئێستا پاڵەوانەکە هەمان شت دەڵێ، بەڵام بە گوێرەی ژیانی غادەی نووسەر ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە.

## خۆشەویستی لە شەڕانگێزی دەکا

*لەو دواییە گوتت کە لە خۆشەویستیەوە بۆ هاوڕێیەتی راتکردووە، ئایا ئەزموونی ژیانت ئەو قەناعەتەی لا دروست کردوویت؟

-چیرۆکی خۆشەویستی من بە مەرەکەب پیس بووەو بەپەشیمانی هەتا هەتایەی ئەلف‌و با قورس بووە، نازانم لە کوێ مەرەکەبەکەم دەستپێدەکات‌و لە کوێ چاوی خۆشەویست کۆتایی دێت، پاشان خۆشەویستی لە شەڕانگێزی دەچێ، نەك دۆستایەتی، هەروەها کۆمەڵێك بگرەو بەردەو کۆمەڵێك هەستی داخکەرو ئارەزووی رووپۆشکراو لە دەستبەسەراگرتنی ئەویدیکەدا هەیە.

دۆستایەتی خۆرێکی ئەسیل‌و ئارامە کە بێ ئەوەی بتسووتێنێت رووناکت دەکاتەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش کێ لە ئێمە چارەنووسی خۆی بەراستی لەگەڵ خۆشەویستیدا هەڵدەبژێرێت؟ ئایا خۆشەویستی داوای ئاماژەی بە دڵداچوون دەکات؟

## پێکوتێك دژ بە پیری

***ئیستاش هەندێك پرسیاری تەقلیدی دەکەم بەڵام دەزانم وەرامەکانت لەو تەقلیدییەتە دەریاندەخات: بەلای تۆ پیاو چی دەگەیەنێت؟**

**-پیاو؟ هەمووی هەر شەڕ نییە، ئەوەی کە تیایدا جوانە ئەوەیە کە هەر دەبێت هەبێت.**

***خۆشەویستی؟**

**-توێکڵی مۆزە کەسێك لە نێوانماندا نییە کە لەسەری هەڵنەخلیسکابێت.**

***پەشیمانی؟**

**-چینێکە لە شەکر کە تاوانەکانمان دوای بەدیکردن دادەپۆشێت.**

***جوانی؟**

**-لە چاوی تەماشاکەر دایە.**

***دڵخۆشبوون؟**

**-ئیمپراتۆرێکە عاشقو هەژارو شاعیرەکانی خۆش ناوێت.**

***مردن؟**

**-دوا دڵدارە کە ئاشنای ناوەوەمان دەبێت.**

***دایکایەتی؟**

**-پێکوتێکە بە دژی ترس لە پیری.**

***منداڵ؟**

**-بەرتیلی سروشتە بۆ ئەوەی بە رازیبوونەوە بەرەو مردنمان بچین، لەسەر ئەو وەهمەی کە ئەوان شوێنی ئێمە دەگرنەوە.**

***ئەو شتە نوێیەی غادە کە بەو زووانە دەیخوێنینەوە چییە؟**

**-کتێبێکی نوێیە کاری تیا دەکەم بەڵام هیچ شتی لە بارەوە بە تۆ ناڵێم بۆ ئەوەی ئەگەر لە بەرهەمهێنانی سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا (خۆمو) خوێنەر دووچاری نائومێدی نەکەم. لە پاش دەرکردنی کتێبەکانم لە سێ کتێب نەمتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنم بۆیە هەتا نەیەتە بەرهەم لە وەسفکردنی دەترسم.**

**<u>سەرچاوە:</u>**

**ئەو چاوپێکەوتنە شاعیری لوبنانی (ئیسماعیل فەقیە) سازی داوە، من لە ئینتەرنێتەوە وەرمگرتووە. بڕوانە پێگەی گوگل** 2006/6/1.